

**بۆشەهیدانی وشە**
**سۆران، سەردەشت و کاوە گەرمیانی**

1

ئەو...

وەك پەیامبەرێ هات و پەیامەکانی گەیاند

بەو مرۆڤانەی بەدرێژایی تەمەن کوشتن و ئەنفال

ئەدرەس و پێناسەیان بوو

ئەوان پەیامبەری ژیانیان چوو

ئەو کاوە-ی ئاسنگەر نەبوو

کاوە گەرمیانی بوو

کە باکی بەخوێنی خۆی نەبوو

بۆ خۆشبەختی ئەو مرۆڤانەی لەوەتەی هەن

هەر بۆنی خوێن و باروت دەکەن لەوەتەی هەن

دووریان دەبەن و

2

جەستەی گەرمیان بەزیندوی دەنێژن.!

پەیامی کاوە

کوشتن و تاڵانکردنی

خەڵکی بێ دەسەڵات نەبوو

پەیامی کاوە

تێکشکاندنی مرۆڤی ئازادیخوازو

پاك نەبوو

پەیامی کاوە

بەخشینەوەی هیواو ژیان بوو پەیامی کاوە

گەڕانەوەی شکۆمەندی مرۆڤەکان بوو تیرۆرتان کرد

بە بەرچاوی دایکێکی رەش پۆش

جیاتان کردەوە

لەو هاوسەری پاشماوەی ئەنفال بوو بێبەشتان کرد

لەو منالّەی نەهاتوتە بوون و بەدیداری باوکی ئاشنا نەبوو

چ جەلادێکی دوای راپەڕین و

نەمانی سەدام بوون.!

3

لەپەیکەرێکی شکاو دەچن لەدڕندەی دارستان دەچن

بێ هەست و بێ بەزەیین

بێ ویژدان و بێ دڵن

لەتاریکستانی رۆح و جەستە ون بوون لەرق و کینەی ناخیان نقوم بوون سەراپای رۆژەکانی تەمەنیان مێژووی حوکمرانییان

رەشە وەك بەختی منالّەکانی گەرمیان.!

4

سۆران-ێك لەکەرکوك

بانگی ئازادی کرد

سەردەشت-ێك لەهەولێر

داوای یەکسانی کرد

کاوە-یەك لەگەرمیان

داوای ئازادی و یەکسانی کرد

ئەوانە نەوەی ئیبراهیم-ن

ئەوان وەك (مەسیح) پاك و بەبەزەیی بوون

ئەوان ویستیان وەك (یەحیا) بن لەگوناهەکان پاکتان بکەنەوە ئێوەش بە گوڵلە وەڵامتان داناوە ئەوان ویستیان ئازادی بگەڕێنەوە ئێوەش تیرۆرتان کردن

ئەوان ویستیان دادپەروەری بگەڕێنەوە ئێوە توڕەبوون و خوێنتان رشتن ئەوان نوکی قەلەمەکانیان بۆ خۆشبەختی بوو ئێوە چەکەکانتان بۆ رەشپۆشکردنی دایك و خوشك و هاوسەرەکان بوو چ جەڵادێکن ئێوە؟!

چ مافیایەکن ئێوە؟!

چ خوێنمژێکن ئێوە؟!

5

وەرن کۆببنەوە

لەسەر خوانەکانی خۆتان نا

کە هەر هەموتان تێرن و

موڕە لەیەکتر دەکەن لەئاوێنە دەڕوانن

روخسارتان سپی دەردەکەوێ

چی لەئاوێنە بکەم

کە ناخ و دڵتان نیشان نادات

چەندە رەش و قێزەونە.!

6

وەرن بڕۆین بەرەو

کەرکوك-ەکەی سۆران

هێشتا خوێنی رۆلەکانی دەڕژێ و ئەوانیش بەناوی سیاسەت بەبێدەنگی دەیانفرۆشن

وەرن بڕۆین بەرەو

هەولێر-ەکەی سەردەشت

هێشتا ئازادی خەونەو نایتە دی وەرن بڕۆین بەرەو

گەرمیانی کاوە

هێشتا ئەنفالی تێدا دەکرێ.!

7

ئەی بکوژانی قەلەمی ئازاد

ئەی خوێنمژانی هەژاران

ئەی تاوانبارانی نەتەوەیەك

هیچ وڵاتێک بۆ ستەم کاران نیە

رۆژێك هەر دێ

گەنجەکان دەست لە ناو دەست

گۆرانی ئازادی بچڕن

قەلەمەکان تیژتر بن

لەگوڵلەی تفەنگەکانتان

ئەو کات دەبێنین

دەریاکان

پڕ دەبن

لە ماسی خاڵ خاڵ

مێژووتان چەندە پیسکرد

بەکوشتن و تیرۆری رۆژنامەنوس و مرۆڤی شکۆمەندو ئازادیخواز.!

8

لەهەموو سوچێکی وڵات

بەقەلەمی (سۆران، سەردەشت، کاوە) دەنوسرێ ئازادی

بیرتان بێ...

مرۆڤی ستەم کار هیچ نیە

تۆزی ژێر پێی

مرۆڤی شکۆمەندە

کە بۆ نەمانی زوڵم و ستەم

خۆیان دەکەن بەقوربانی

رۆژێك دادێ

لەهەموو شوێنێکی وڵات

هاوار دەکەین لەدڵمانن..لەبیرمانن..لەگەڵمانن ئێوەن سیمبولی ئازادی

(سۆران، سەردەشت، کاوە)

کەنەدا/ئەلبێرتا

دەریا رەواندزی